# زاراوەكانی زانستی زمان بەرەو فەرهەنگێكی یەكگرتوو

**پ.د.تاڵیب حسین عەلی**
**كۆلیژی پەروەردە / بەشی كوردی**
**زانكۆی سەلاحەدین**

**پ.ی.د.دیار علی كمال**
**كۆلیژی پەروەردە / بەشی كوردی**
**زانكۆی سەلاحەدین**

**پێشەكی**

**تەوەری یەكەم :**

١-١ زمانی كوردی و زاراوەكانی زانستی زمان .

١-٢ پێناسەی زاراوە.

١-٣ دانانی زاراوە و مەرجەكانی .

**تەوەری دووەم:**

٢-١ باری زاراوەكانی زانستی زمان .

٢-٢ كەموكوڕییەكانی سازدانی زاراوەی كوردی ( گرفتی فرەزاراوەیی ) .

٢-٣ دانانی زاراوەی یەكگرتوی كوردی ( یەكخستنی زاراوەكان ) .

**پێشەكی**

ئەم توێژینەوەیە جگە لە پێشەكی و پێشنیاز و چارەسەر لە دوو تەوەری سەرەكی پێكدێ.

**تەوەری یەكەم:** تیشك دەخاتە سەر زاراوەناسی كوردی بەگشتی و زاراوەكانی زانستی زمان بەتایبەتی، هەروەها ئاماژە دەكا بەچۆنیەتی كاركردن لەگەڵ زاراوەكانی تایبەت بە زانستی زمان بەشێوەیەكی دروست و لەبار. هەروەها توێژینەوەكە بە جیاكردنەوەی سنوری نێوان زاراوەناسی و زاراوەسازی تیشك دەخاتە سەر هەندێ لایەنی ئەو گرفتانەی لەو تێكەڵكردنەوەوە هاتونەتەئاراوە و هەوڵداروە وەڵامی هەندێ لەو پرسیارانە بدرێتەوە كە تایبەتن بە چۆنییەتی مامەڵەكردن لەگەڵ ئەو چەمك و زاراوانەی زانستی زمان. لەگەڵ ئەوەشدا ئاماژە بەو كارە زانستییانە دراوە كە لە بواری فەرهەنگسازی كوردیدا سەبارەت بە زانستی زمان ئەنجامدراون. لە نێو ئەو پێناسە جیاوازانەشدا كە بۆ زاراوە كراوە توێژینەوەكە پشتی بە دوان لەو لەو پێناسە زانستییانە بەستوە و لەوێوە لە چییەتی زاراوە دەڕوانێ. لە


كۆنفرانسی ( كاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

کۆتـایی ئـەم تـەوەرەدا توێژینەوەکـە تیشـکی خسـتۆتە سـەر ئـەو مەرجانـەی کـە پێویسـتە لـە هـەر زاراوەیـەکی پەسەندکراودا ڕەچاوبکرێن.

**تەوەری دووەم:** باری زاراوەکانی زانستی زمـانی لەکوردیـدا خسـتۆتە ڕوو، بـە ئامـاژەدان بەکـەموکوڕی، نـاجێگیری، ناتەواوی و فرەیی زاراوەکان، لەگەڵ باسکردنی گرنگترین ئەو هۆکارانەی بونەتە هۆی دروستبونی ئەم بـارە. هـەر لـە هەمان تەوەردا ئاماژە بە کەموکوڕیو کێشـەو گرفتـەکانی دانـانی زاراوە بەتایبـەتی زاراوەکـانی زانسـتی زمـان کـراوە بەرامبەر بەو چەمکە زانستییانەی کەلە سەرچاوە بیانییەکانەوە هاتونەتە نـاو زمـانی کوردییـەوە، هـەروەها بـاس لـە باری ناتەواوی و ناجێگیری ئەو زاراوە نوێیانە کراوەو هۆکاری ناجێگیریان لە سازدانی زاراوەکاندا خراوەتەروو .

**تەوەری یەکەم :**

**١-١- <u>زمانی کوردی و زاراوەکانی زانستی زمان</u> :**

هیچ زانستێك و بوارێکی مەعریفی نییە پەیوەست نەبێ بە کۆمەڵە چەمك و زاراوەیـەکی پسـپۆرییەوە و مێتازمـانێکی تایبـەت بـەخۆی نـەبێ، بـەجۆرێك بایـەخ و گرنگـی ئـەو چـەمکانە بەگشـتی لـە هـەر زانسـت و بوارێکـدا بـێ، لـەوەدا بەدەردەکەون، کە بە کۆڵەکە و بنەمایەکی سەرەکی دادەنـرێن لـە بەرجەسـتەکردن و ڕونکردنـەوەی زانیـاری پێویسـت لـەبارەی ئـەو بابەتانـەی کـە پەیوەسـتن بـەو زانسـتەوە، بەواتایـەکی تـر ئـەو چـەمك و زاراوانـە دەبنـە بنـەما و کەرەستەیەکی بنچی و سەرەکی بەوەی کە هەر زانایەك یان توێژەرێك لەهـەر کـار و پرۆژەیەکدا بێت، دەبێ بایـەخی تەواو بەو چەمك و زاراوانە بدا و بەهەندییان وەربگرێ}، چونکە دەبنـە ڕێنیشـاندەر و دەروازەیـەك بۆچـونە نـاو هـەمو لایەن و وردەکاری بابەتەکانی ئەو زانستە .

لەڕاستیدا بابەتی دانان یان سازکردنی زاراوە تایبەت نییـە بـە زانسـتێك، یـان بـوارێکی دیـاریکراو، یـان بـە زانایـەك لـە بوارێکی پسپۆڕی تایبەت و دیاریکراودا ، بەڵکو بابەتێکی بەرفراوان و تایبەتـە بـەناوی – Terminology زانسـتی زاراوە (زاراوەناسـی) ئامـاژەی بـۆ دەکـرێ، کـە زانسـتێکی هاوبەشـە لـەنێوان زمانـەوانی ، لۆجیك،ئـەنتۆلۆجیا، ئەپسـتمۆلۆجیا و تۆمـارکردن و .......تـاد، بۆیـە ڕوسـەکان بـە زانسـتی زانسـتەکان نـاوی دەبـەن ( Fellber:1984:19).

لێرەشـدا پێویسـتە زاراوەی زاراوەناسـی(terminology) و زاراوەسـازی (terminography) لەیـەکتر جیابکرێنەوە، چونکە یەکـەم سـەر بـە زمانەوانییـە و بریتییـە لـەو زانسـتەی لـە چییەتی زاراوە، جـۆر و تایبەتمـەنی و ڕێگـەکانی دروسـتبونی دەکۆڵێتـەوە، " زاراوە ناسـی ئـەو زانسـتەیە کـە لـە پەیوەنـدی نێـوان چـەمکی زانسـتی و زاراوەکانیان دەکۆڵێتەوە"(علي قاسمي: ١٢:١٩٨٩ ). هەرچـی زاراوەسازیشـە ئـەوا بـە شـێوەیەکی کـارەکی زاراوە دروستدەکا[١] زاراوەناسی دەتوانێ کاری زاراوەسازی لێکبداتەوە، شرۆڤەی بکا و هەڵی بسـەنگێنێ بـەڵام پێچـەوانەکەی نابێ.

[١] بۆ نمونە پزیشکێك کاتێ دەقێکی پزیشکی بۆ سەر زمانی کوردی وەردەگێڕێ و خۆی لەبەرامبەر زاراوە لاتینییەکانی پزیشکیدا دادەنێ، ئەم پزیشکە زاراوەساز( terminographer) ە و مەرج نییە زاراوەناس( terminologist) یش بێ – یان بە گەمەر هەر



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانسی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

زاراوەناسی لە سێ لایەنی پەیوەنداری نێوان توێژینەوەی زانستی و توێژینەوەی بابەتی دەکۆڵێتەوە:

١- توێژینەوە لە چەمکە بەناویەکداچوەکان( پەیوەندی نێوان رەگەز و جۆر، گشت و بەش ..... هتد). ئەوانەی کە لەشێوەی رێکخراوەیەکی چەمکیدا خۆیان دەنوێنن و دەبنە بنەمایەك بۆ دانانی ئەو زاراوە پۆینکراوانەی گوزارشت لە چەمکەکان دەکەن .

٢- زاراوەناسی توێژینەوە لەبارەی زاراوە زمانییەکان ، پەیوەندی نێوانیان ، هۆی دانانیان و سیستەمی نواندنیان دەکا لە بونیادی زانستێك لە زانستەکاندا. بەمجۆرە زاراوەناسی لقێکی تایبەتە لە فەرهەنگناسی و زانستی گەشەی واتا سیماسیۆلۆجیsemasiology .

٣- زاراوەناسی توێژینەوە لەو رێگە گشتییانە دەکا کە زمانی زانستی دادەهێنن بەجیا لە بەکارهێنانە سروشتییەکانی زمانێکی دیاریکراو.(علی قاسمی:٢٠٠٤:٢١).

مەبەست لەم توێژینەوەیە تەنیا گەڕان و پشکنین نییە لەبارەی ڕێگەکانی دانانی زاراوەوە، کە خۆی لە وەرگرتن و داڕشتن و داتاشین و وەرگێڕان....تاد دەبینێتەوە، دیارە ئەو ڕێگەیانەش زیاتر وەك هۆکارێك بەکاردەبرێن لە دانان و سازکردنی زاراوە لە کوردیدا، هەر ڕێگەیەکی دانانی زاراوەش بەجۆرێك لە جۆرەکان کەم تا زۆر سودی لێدەبینرێت و پەیڕەودەکرێت، بەپێی قەبارە و ڕادەی سود وەرگرتن لە هەر ڕێگەیەك، کە لەبار و شیاوە لە سازدانی زاراوەکەدا. واتە چەند دەگونجێت و دروستە بەرامبەر بەو مەبەستەی کە بۆی بەکاردەبرێت .

لەم توێژینەوەیەدا مەبەست ئەوەیە بتوانرێ وەڵامی هەندێ لەو پرسیارانە بدرێنەوە کە سەبارەت بە چۆنیەتی کارکردن و مامەڵەکردنمان لەگەڵ ئەو چەمك و زاراوانەی کە تایبەتن بە زانستی زمان بەشێوەیەکی لەبار و دروست بۆ ئەوەی هەنگاوی ڕاست و گونجاو بنێین بەرەو سازکردن و ئامادەکردنی سەرجەم ئەو زاراوانەی کە ئەمڕۆکە لەبەر دەستدان و لە لیستێکی تایبەتدا ڕێکبخرێن بە زمانی کوردی و ئینگلیزی، یان کوردی و ئینگلیزی و عەرەبی بەجۆرێك کە گشت بابەت و بوارەکانی زانستی زمان لەخۆبگرێت ، پاشان ئەم کارە ببێتە بنچینەی پرۆژەیەکی گەورەتر بۆ دانانی فەرهەنگێکی یەکگرتوی تایبەت بە زمانی کوردی ، کەتێیدا ڕونکردنەوە و ڕاڤەکردنی زاراوەکان و نمونەکانی بە کوردی بێ .سەرەڕای ئەوەی کە لێرەدا دەبێ هەندێ بابەتی تایبەت بە فەرهەنگسازی گشتی لەبەر چاوبگیرێ[٢] ، لەگەڵ دیاریکردنی ئەو سەچاوە بنەڕەتیانەی کە پێویستە مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێ، هەروەها ئەو خەسڵەت و بنەما تیۆرییانەی تایبەتن بە زاراوەکانی زانستی زمانەوە چین کە پێویستە لەو فەرهەنگەدا توماربکرێن .

---

ڕێکدەکەوێ زاراوەناسیش بێ-چونکە کاری ئەو شارەزاییی بون نییە لە تیۆر و چەمکەکانی زاراوە و تایبەتمەندی و ڕێگەکانی داڕشتنیان.

[٢] بەهەمانشێوەی زاراوەناسی و زاراوەسازی ، دەبێ توێژینەوە زانستییەکانی بواری زمانەوانی جیاوازی لەنێوان فەرهەنگناسی(lexicology) و فەرهەنگسازی(lexicography) دا بکەن بەوەی فەرهەنگسازی لقێکە لە مۆرفۆلۆجی و فەرهەنگسازی لقێك نییە و بەڵکە لایەنێکی کارەکی دانی فەرهەنگ و چاپ و بلاْوکردنەوەیەتی و هەموکەس ئازادە لەوەی فەرهەنگێك دابنێ و چاپی بکا، بەلاْم تەنیا پسپۆران دەتوانن لەبارەی چەمکی لێکسیم و وشە و مۆرفیم و جیاوازی و تایبەتمەندی نێوانیانەوە بدوێن .


کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130)     p-ISSN (2410-1036)

لێرەدا پێویستە ئاماژە بە دوو كاری زانستی و گرنگ بدەین كە لە بواری فەرهەنگسازی كوردی تایبەت بە زانستی زمان ئەنجامدراوە. لە ڕاستیدا ئەمەش وەكو دەسپێشخەریەك و هەنگاوی یەكەم بووە لەم بوارەدا پێشكەشكراون، كە بریتین لە :

١- فەرهەنگی زاراوەی زمانناسی: كوردی – عەرەبی– ئینگلیزی ، ئەورەحمانی حاجی مارف (٢٠٠٤)، سلێمانی . ئەم فەرهەنگە دوو پاشكۆی لەگەڵدایە سەبارەت بە ڕیزكردنی زاراوەكان، یەكەم : عەرەبی– كوردی– ئینگلیزی. دووەم : ئینگلیزی– عەرەبی– كوردی .

٢- فەرهەنگی زاراوەكانی دەنگسازی، ئینگلیزی– عەرەبی– كوردی ، تاڵیب حوسێن ( ٢٠٠٥ )، هەولێر. ئەم فەرهەنگەش یەك پاشكۆی هەیە لەبارەی ڕیزكردنی زاراوەكان، بەمشێوەیە ڕیزكراوە: كوردی – عەرەبی– ئینگلیزی .

٣- فەرهەنگی زمانەوانی ناوخۆش یەكەم فەرهەنگی زمانەوانی ئینگلیزی كوردیە، سەلام ناوخۆش ، چاپی یەكەم، باشووری كوردستان-٢٠١٤. ئەم فەرهەنگەش هیچ پاشكۆیەكی نییە، واتە: زاراوەكان تەنیا ئینگلیزی – كوردییە، لەگەڵ ڕاڤەكردن ونمونە و ڕونكردنەوەی پێویست بۆ هەرزاراوەیەك خراوەتە ڕو.

ئەم سێ كارەش بە هەوڵ وكاركردنی تاكە كەسی بەرهەمهاتون، كە ڕەنگە ئەمڕۆكە كۆمەڵێ سەرنج و تێبینی ورد و زانستییان لەسەر هەبێت. بەر لەم دوو بەرهەمەش ئاڕاستەیەكی دیكەی لەمجۆرە هەوڵانە لە ئارادابون كە تایبەت بون بە زاراوەكانی زانستی زمان، وەك بەشێكی تایبەت بە زاراوەكانی زمان لە ماستەر نامە و دكتۆرای زماندا ئامادەدەكران و لە لیستێكی چەند لاپەڕەیەكی نامەكاندا دەخرانەڕوو . بۆ یەكەمجار لە ساڵی ( ١٩٩٨ ) دا لە دوو نامەی دكتۆرادا : ڕحمان اسماعیل – پەیڕەوی فۆنیمە ناكەرتییەكان لە كوردیدا و تاڵیب حوسێن – هەندێ لایەن لە پەیوەندی نێوان ڕستە و واتا لە كوردیدا – لیستێك لەو زاراوانەی كە تایبەت بون بە ناوەڕۆكی توێژینەوەكان خراونەتەڕو ، پاشان ئەم كارە لە نامەكانی تردا بو بە نەریتێكی باو لە ناو بەشێكی زۆری نامەكاندا پەیڕەودەكرا و وەكو فەرهەنگۆكێكی بچوك لە سەرەتای نامەكاندا تۆماردەكران ، تاوەكو ئەمڕۆش ئەو كارە بەردەوامە و بە كارێكی زۆر باش و بەجێ دادەنرێت ، ئەگەرچی لە زۆر باردا ئەو زاراوانە دوبارە و سێبارە دەكرێنەوە و هەر توێژەرێكیش بە ویست و ئارەزوی خۆی و سەرپەرشتی نامەكە زاراوە كوردییەكەیان دادەنا. لەگەڵ ئەوەشدا بەشێكی زۆری ئەو زاراوانە لە جیاتی ئەوەی ببن بەچارەسەر لە سازدان و دانانی زاراوەی كوردیدا بەرامبەر بە زاراوە جیهانییەكان، واتە یەكلایكەرەوە و ئاسان و جێگیر بن، بەجۆرێك كە پەسەندێتی و ڕزامەندی گشتییان لەسەر بێت ، بە پێچەوانەوە گرفت و سەرلێشێواوی لە دوای خۆیاندا بەجێدەهێشت، بۆ نمونە : ئەگەر بڕوانینە ئەم زاراوە ئینگلیزییانەی خوارەوە، لەگەڵ ئەو وشانەی كە لە كوردیدا بەرامبەریان دانراون بەمشێوەیە :


كۆنفرانسی ( كاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانسی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

| | |
|---|---|
| voiced | گڕ – ژێدار – دەنگدار |
| voiceless | کپ – بێژێ – بێدەنگ |
| Clouse | پاڕستە – لاڕستە – ڕستیلە – فرێزی بچوک – کلۆز– دەستەواژە |
| surface structure | ئاستی سەرەوە–ڕۆنانی سەروو – دروستەی سەروو – سیما |
| deep structure | ئاستی ژێرەوە–ڕۆنانی ژێرەوە – دروستەی قوڵ – بنج |
| entailment | واگەیاندن– گرتنەوە – پێدڤیا واتایی |
| presupposition | بەرگریمانە– پێشگریمانە – گریمانەی پێشەکی |
| vocal chords | دەنگە ژێیەکان– ژێیەکانی دەنگ |
| dialect | زار– شێوەزار – زاراوە – گۆڤەر – شێوە |
| Word | وشە – واژە – بیژە |
| Part of speech | پۆلی ئاخاوتن – بەشە ئاخاوتن– کاتیگۆری مۆرفۆلۆجی |
| Free morpheme | مۆرفیمی سەربەخۆ – مۆرفیمی ئازاد |
| Adjective | ئاوەڵناو– هاوەڵناو – هەڤالناڤ |
| Verb | کار – فرمان – کردار |
| Adverb | ئاوەڵکار – هاوەڵکار – ئاوەڵکردار– ئاوەڵفرمان |
| Pronoun | جێناو – راناو |
| Derivational morpheme | مۆرفیمی داڕشتن – مۆرفیمی وشە داڕێژ |
| Preposition | ئامرازی خستنە سەر – ئیزافە – ئامرازی دانەپاڵ |
| Free pronoun | جێناوی سەربەخۆ– جێناوی جودا |
| Derivational word | وشەی داڕێژراو – وشەی داڕژاو |
| conditional | رابوردوی ئینشائی – رابوردوی دانانی |
| Future tense | کاتی داهاتو – کاتی ئایندە |
| Context | بار – چوارچێوەی ئاخاوتن–رەوت – دەوروبەر – سیاق – کۆنتێکست |
| Sociolinguistics | کۆزمانەوانی– زمانەوانی کۆمەڵایەتی |
| filter | کۆت– فلتەر – پاڵێوە |
| Semantic fields | بواری واتایی – کێڵگەی واتایی |
| Universal grammar | ڕێزمانی سەراپا – ڕێزمانی گشتی |

بەمجۆرە دەبینین ژمارەیەکی زۆر لە زاراوەکانی زمانی کوردی لە دوو وشە یان زیاتر بەرامبەر بە زاراوەیەکی بیانی دانراوە، لێرەدا دەشێ بپرسین ئایا کام لەو وشە کوردییانە پەسەندە و مەرجی تەواوی

زاراوەی تێدا بەدیدەکرێت ، ئەم کارەش دەبێ لەلایەن لیژنەیەکی پسپۆری تایبەت بە دانانی زاراوە تاوتوێ بکرێت و پاشان بڕیاری دروست و تەواوی لەسەر بدرێ. ( بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە ٢–٣ لەم توێژینەوەیە).

١–٢– پێناسەی زاراوە :

گەلێ پێناسەی جۆراوجۆر لەبارەی چەمکی زاراوەوە خراوەتەڕو، لێرەدا تیشک دەخەینە سەر دوو لەو پێناسانە و لەگەڵ ئەو ڕونکردنەوانەی کە لەبارەی زاراوەوە پێشکەشکراون. زاراوە بەو وشەیە دەوترێت کە گوزارشت لە چەمکێکی دیاریکراو دەکات و لە ڕێگەی ڕێکەوتنی کۆمەڵێك زمانەوان لەسەر ئەو واتایەی مەبەستە بەرامبەر بەو چەمکەی کە دانراوە، بەجۆرێك کە وشەکە وەك ( ناونان ) لەگەڵ چەمکەکەدا (ناولێنراو) بەیەکەوە ببەستێتەوە (Felber:1985:17).

بەپێی ئەم پێناسەیەی سەرەوە بێت، دەکرێ ئەو ڕاستیە بخەینەبەرچاو، کە گرفتی هەرە سەرەکی و گرنگ لەبارەی دانانی زاراوەدا خۆی لە ڕێکەوتنی نێوان ئەو کۆمەڵە زمانەوان و شارەزایە دەبینێتەوە، کە لە بواری زاراوەسازیدا کاردەکەن، بە واتایەکی تر دەبێ ئەو بنەما و پرەنسیبانە دیاری بکرێن، کە ڕێکەوتنەکەی لەسەر بونیادنراوە، یان بونیاددەنرێت،لەگەڵ ئەو ڕێگایانەی کە پەیڕەودەکرێن بۆ جێبەجێکردنی ئامانجەکەیان سەبارەت بەو ئەرکەی کە پێیان دەسپێرێت. بەدیهێنانی ئەو مەبەستانەش ڕەنگە کارێکی وا ئاسان نەبێت، بەڵکو پێویستی بەهەوڵ و ماندوبون هەیە، هەروەها بەدواداچونی بەردەوامی دەوێت. دیارە زمانی کوردیش هەر وەکو هەمو زمانێکی زیندوی ئەم دونیایە، ئەو توانا و مەرجانەی تێدایە بەوەی کە بتوانێ ئەو چەمکە تازە و نوێیاوانە لەخۆبگرێت و گوزارشتیان لێبکات، ئەگەرچی بابەتی زاراوەسازی کوردی تەمەنێکی زۆر لە مێژینەی نییە، بەڵام تاڕادەیەکی باش لە هەندێ قۆناغدا توانیویەتی لە گەلێ بواری جیاجیادا ئەو کەموکوڕی و کەلێنانە لە بابەتی زاراوەسازیدا پڕبکاتەوە .

١– دیسانەوە یەکێك لەو پێناسە ورد و جیاوازانەی کە زانای نەمساوی ( Helmut.Felber ) لەبارەی چەمکی زاراوەوە خستویەتیەڕوو، کە شارەزا و پسپۆڕانی زاراوەسازی پەسەندێتی و ڕەزامەندییان لەسەر دەربڕیوە، بەوەی کە : (( زاراوە هێمایەکی زمانی دیاریکراوە بەرامبەر بە چەمکێك دانراوە ( بڕوانە :Felber:1985,17 ).

ئەگەر بڕوانینە ئەو پێناسەیە دەبینین جەخت لەسەر دوو شت کراوە، کە بریتین لە :

– هێمای زمانی : linguistic mark
– چەمك : concept

لەبارەی چەمکەوە – concept – ەوە ( Felber )بەمشێوەیە پێناسەی دەکات و دەڵێت :

بریتیە لە بونیادی هزری ( عقلی ) کە لە شتێکی دیاریکراوەوە وەرگیراوە، واتە وێنەی هزری شتێکی دیاریکراوە، کە لە دونیایی دەرەوە یان ناوەوەدا هەیە ، بۆ گەیشتن بەو بونیادە هزرییەش – چەمکە – لە پەیوەندیکردندا، دەبێ هێمایەکی تایبەتی بۆ دابنرێت بۆ ئەوەی گوزارشت لەو چەمکە بکات، هەرچی ئەرکی زمانە بریتیە عەمبارکردنی ( خەزنکردنی ) شتە هەست پێکراو و بیروڕاکانە، چونکە هەموشتە هەست پێکراوەکان دەشێ دەربڕێن، واتە ئەوی کە شیاوی دەربڕین بێت و دەبێ هێمایەکی زمانیشی بۆ دابنرێت، بەمەش ئەوکاتە زمان هەمو وێناکردنەکان ( چەمکەکان



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانسی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

) لە خۆدەگرێت، هەر لە رێگەی زمانیشەوە ئەو چەمکانە فێردەبین . سەبارەت بە هێمای زمانیش کە گوزارشت لە چەمکێکی دیاریکراو دەکات، زانایانی زاراوەسازی بایەخێکی زۆریان بە دەسنیشانکردن و خستنەڕوی ئەو هێمایانە بەگشتی داوە، هەروەها جیاوازییان لە نێوان سێ جۆرە هێمای زمانیان کردووە، کە بریتین لە :

١- وشە    ٢- زاراوە   ٣- فەرهەنگی زمان ( گەنجینەی زمانی )

وشە وەك یەكەیەكی زمانی سەربەخۆی واتادار لە زماندا دەشێ چەند واتایەك یان سێبەری واتایی دیارینەكراو لە خۆبگرێت، هەروەها بۆ ناونانی شتەكانیش بەكاردەهێنرێت، هەر واتایەكیش كە وەریدەگرێت بەپێی بەكارهێنانی لە دەوروبەردا زیاتر ڕون دەبێتەوەو بە دەردەكەوێت، بۆ نمونە وشەی ( باز ) چەند واتایەك لە خۆدەگرێت بەمشێوەیە :

- باز : خۆفڕێدان لە شوێنێكەوە بۆ شوێنێكی دیكە .
- باز : باڵندەیەكی گۆشتخۆرە .
- باز : ڕێگەیەكی تایبەتە بۆ ئیشێكی دیار پێیدا دەڕۆن ، وەك ( بازی بێریان ) ئەو ڕێگایەی هەمو ڕۆژێ بێری بۆ مەڕ دۆشین پێیدا دەڕۆن .
- باز : بە دوای هەندێ ناوەوە دەلكێت، دەبێتە سیفەت و دەدرێتە پاڵ كەسێك كە ئەو سیفەتە وەردەگرێت، كۆترباز ، قومارباز ، مێباز ، فێڵباز ... تاد[٢].

زاراوەش وەكو هێمایەكی زمانی تایبەت بەرامبەر بە چەمكێكی دیاریكراو بەكاردەهێنرێت، ماناكەشی بریتیە لەو چەمكەی كە زاراوەكە گوزارشتی لێدەكات. ڕادە و پلەی ڕونی واتای زاراوەش لەسەر وردەكاری خودی چەمكەكە دەوەستێت لە كۆی ئەو چەمكانەی كە پەیوەندییان بە بابەتەكەوە هەیە، بۆ نمونە :

- زمان :ئەندامێك لە ئەندامەكانی كۆئەندامی هەرس كە بە شێوەی ماسولكەیەكی جوڵاو دەكەوێتە ناو دەمەوە.
- زمان :هۆكاری دەنگی پەیوەندی نێوان مرۆڤەكان.
- ڕەگ :ئەو بەشەی ڕوەك كە دەكەوێتە ژێر زەوییەوە.
- ڕەگ :   مۆرفیمی بنجی و واتاهەڵگری وشە  نمونە: دەڕۆم ___ ڕۆ  (ڕەگی ڕۆیشتن)

هەرچی وشەی فەرهەنگییە( گەنجینەی زمانە ) زۆرجار وەك زاراوەیەك یان ناوێك بۆ وەبیرهێنانەوەی زانیارییەكان بەكاردەهێنرێت، یان لەشێوەی پێرست لەسیستەمێكی تایبەتدا ڕێكدەخرێت، واتاكەشی لەسەر ئەو زانیارییانە دەوەستێت كە پەیوەستن بەو سیستەمەوە، هەروەها ئەو ناوانەش دەدرێنەپاڵ ناولێنراوە تاكەكان، نەك سیستەمی چەمكەكان، بڕوانە : (Felber:1985,17 ) ( Palmer:1985,14 ) ناولێنراوەكانیش بریتین لەو شتە هەست پێكراوە ڕاستەقینانەی كە لە دونیایی دەرەوەدا هەن، هەرچی چەمكەكانە بریتین لە وێنەی هۆشەكی ئەو شتانەی كە لە دونیایی دەرەوەدا هەن. سەرەڕای ئەوەی كە دەبێ پەیوەندییەكی لۆجیكی زاراوەكە و چەمكەكە پێكەوە كۆبكاتەوە، واتە پەیوەندییەكی گونجاوی ڕێكخراو لە نێوانیاندا هەبێت، بەڵام مەرج نییە ئەو پەیوەندییە لە نێوان ناو و ناولێنراودا هەبێت .

[٢] بڕوانە :  فەرهەنگەكەی زەبیحی  ل : ٣٠ ، ٣١.



كۆنفرانسی ( كاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130)     p-ISSN (2410-1036)

بۆ نمونە : لە دەنگسازیدا وشەی ( كەرتكردن – segmentater ) بۆ ئامێرێكی تایبەت دابنێن و بمانەوێ وەكو زاراوەیەك بەكاریبهێنین، دەبێ یەكێك لە خەسڵەت و كارەكانی ئەو ئامێرە شیكردنەوەی دەنگ بێت، واتە بەهۆی لەتكردنی ئاخاوتن یەك لەدوای یەك بۆ كەرت كەرتی دەنگی بچوك، ئەمەش ئەو پەیوەندییە لۆجیكیە نیشاندەدات، كە پێویستە لە نێوان زاراوەكە و چەمكەكەدا هەبێت، هەرچی ( ناونانە ) دەكرێ كەسێك ناوی ( هێمن )ی لێبنرێت ، بەڵام مەرج نییە ئەو كەسە سیفەتی هێمنی تێدا بێت . مەبەست لەم ڕونكردنەوەیەش ئەوە بو كە گرنگی و بایەخدان بە سازدان و دانانی زاراوە زیاتر پەیوەستە بە چەمكەوە، بەجۆرێك كە ناوەڕۆكی واتایی خودی ئەو زاراوەیەی كە بەرامبەر بەو چەمكە دادەنرێت، پڕاوپڕ لەبار و گونجاو بێت. بۆیە دەبینین زانایانی زاراوەسازی بایەخێكی تەواویان بە لایەنی چەمك داوە.

١–٣– دانانی زاراوەو مەرجەكانی :

ئەوەی لە بڕگەی پێشودا باسكرا ئەوە ڕاستیە دەردەخا، كە یەكەم هەنگاو لە دانانی زاراوەدا بریتیە لە كۆكردنەوەی چەمكەكان و ڕێكخستنیان لە چەند كۆمەڵەیەكدا كە پەیوەندییەكی هاوچەشن و گونجاو لە نێوانیاندا هەبێت، بەجۆرێك كە دەبێ لە خودی ئەو چەمكە تێبگەین، كە دەمانەوێت پێشنیازی زاراوەكەی بۆ بكەین، لەگەڵ ئەوەشدا تایبەتمەندی و سیما جیاوازەكانی بەهەند وەربگرین، هەروەها پەیوەندی ئەو چەمكە بەچەمكەكانی دیكەی ناو ئەو كۆمەڵەیە دەسنیشانبكرێ، پاشان هەوڵبدرێ زاراوەیەكی لەبار و گونجاوی بۆ پێشنیازبكرێت، بەجۆرێك كە پەیوەندییەكی واتایی لەگەڵ چەمكەكەدا هەبێت، هەروەها پەیوەندی بەو زاراوانەوە هەبێت كە گوزارشت لە وشەكانی دیكەی چەمكە هاوچەشنەكانی ئەو كۆمەڵەیە دەكەن ، كە لەگەڵ تێگەیشتنی ئێمەدا لە یەك كۆمەڵدا كۆكراونەتەوە، پاشان دەبێ هەنگاوی پێویست بنرێت لە نێوان گرنگیدان بە چەمكە تازەكە لەگەڵ ئەو هێما زمانییەی كە بۆ چەمكەكە پێشنیازكراوە، ئەویش ئەوەیە كە پێناسەیەك بۆ ئەو چەمكە دابنرێت، مەبەست لەو پێناسەیەش وەسفكردنی چەمكەكەیە بە گوتن و بەكارهێنانی هەندێ چەمكی دیكەی كە پێشتر زانیاریمان لەسەریان هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا دەبێ پێناسەكە ورد و دیاریكراو بێت و گشت تایبەتمەندییەكانی چەمكەكە لە خۆبگرێت، هەروەها لە پێناسەكەدا شوێن و پێگەی چەمكە تازەكە لە نێو ئەو چەمكانەدا بخرێتەڕوو، كە لەیەك كۆمەڵدا بەشداری لەگەڵدا دەكەن، سەرەڕای ئەوەش دەبێ پێناسەكە زانستی بێت ، لە كۆمەڵە چەمكێكی دیاریكراوی چەسپاو پێكهاتبێت، هەروەها لەسەر چەند بنەمایەكی لۆجیكی و یەكگرتوی گونجاو بونیادنرابێت .

لەمبارەیەوە ( Felber ) ئاماژە بۆ ئەوە دەكات، كە وردی و دروستی لە دانانی زاراوەدا پەیوەستە بە چەمكەوە،واتە زیاتر پشت بە چەمك دەبەستێت وەك ئەوەی كە بە هێمای زمانی(Felber:1985:2-3).

سەبارەت بە دانانی زاراوە لە هەر بوارێكی زانستی و مەعریفیدا زانایانی زاراوەناسی ئاماژەیان بە چەند مەرجێكی دیاریكراو كردووە،كە پێویستە لەهەر زاراوەیەكی پەسەندكراودا هەبێ[٤]، بەشێوەیەكی گشتی دەكرێ مەرجەكان لەم خاڵانەی خوارەوەدا دیاری بكەین :

[٤] لەم ڕووەوە هەندێك بۆچونی تریش هەن و تایبەتمەندی و مەرجەكانی زاراوە باس دەكەن ، ئەحمەد مەتلوب – ئەمینداری گشتی كۆڕی زانیاری عێراق مەرجەكانی زاراوە لە ٣ خاڵدا كۆدەكاتەوە:

١– ڕێكەوتنی زانایان لەسەر واتایەك لە واتا زانستییەكانی زاراوەكە.



كۆنفرانسی ( كاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانسی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

١- هەر زاراوەیەك كە ڕێكەوتنی لەسەر دەكرێت و پەسەند دەكرێت، دەبێ ڕون و ورد و كورت بێت، دركاندنی ئاسان بێت، هەروەها وەكو زاراوەیەك ببێتە بەشێك لە نێو سیستەمی كۆمەڵە زاراوەیەكدا،واتە ئاماژە بۆ كۆمەڵە چەمكێكی دیاریكراوی یەكگرتو بكات لەنێو كۆی چەمكەكاندا، ئەم خەسڵەت و سیمایانەش وەكو پێداویستییەكی گشتی دانراون و دەبێ هەبێت و ڕەچاویش بكرێ، بەتایبەتی ئەو زاراوەیەی كە لەسەری ڕێكدەكەون (Felber:1985:2-3). بۆ نمونە :

- ڕستیلە : clause
- گرێ : phrase
- زار : dialect
- كار : verb
- دەوروبەر :context
- گرتنەوە : entailment
- پێشگریمانە : presupposition

٢- دەبێ لە سازدانی زاراوەدا ئەو ڕاستیە لە یاد نەكەین و بەهەندی وەربگرین، كە هەمیشە لە چەمكەوە دەست پێبكەین و بەرەو پێناسینی چەمكەكە و پاشان هێما زمانییەكە ( زاراوەكە ) هەنگاو بنێین، هەروەها دەبێ بۆ هەر چەمكێك زاراوەیەك لە پسپۆڕێتییەكی تایبەتدا تەرخانبكرێت، واتە ئەو زاراوەیە لەگەڵ هیچ زاراوەیەكی تردا تێكەڵ نەكرێت ، چونكە تێگەیشتنی تەواو لە هەر زاراوەیەك كاتێ بەدیدێت، كە تێكەڵ نەكرێت و تەنیا ئەو زاراوەیە بەرامبەر بە یەك چەمك دانرابێت .

٣- دەبێ زاراوە پەسەندكراوەكە لە ڕێگەی لیژنەیەكی پسپۆری تایبەت بەو زانستە لە ڕوی هونەری و زانستییەوە لێكدانەوە و تاوتوێ بكرێت، بەجۆرێك كە لیژنەكە سەرنج و تێبینی و ڕەخنە و ڕاستكردنەوەو ئاڕاستەكردنی دروستی خۆی لەسەر زاراوەكە بخاتەڕو، پاش هەمو تێبینیەكان و دڵنیابون لەسەر دروستی وپەسەندكردنی لە گشت ڕوویەكەوە، بڕیار لەسەر وەرگرتنی بدرێت و وەكو زاراوەیەك بەرامبەر بەو چەمكەی كە مەبەستە بەكاربهێنرێت .

٤- لە هەندێ باردا لیژنەی تایبەت بە دانانی زاراوە ڕێگە بە زاراوەیەكی دیكە ( دووەم ) دەدات بەرامبەر بە چەمكێك دابنرێت، ئەمەش دەشێ لەبەر چەند هۆكارێكی تایبەت بێت، ڕێگە لە بەكارهێنانی زاراوە پەسەندكراوەكە بگرێت، كە گوزارشت لە چەمكە دیاریكراوەكە دەكات. لەمبارەیەوە Felber لە یەكێك لە وتارەكانیدا ئاماژە بۆ ئەو هۆكارانە دەكات و دەڵێت : كاتێ كە زاراوەیەكی جیهانی گوزارشت لە چەمكێكی دیاریكراو دەكات و بڵاودەبێتەوە، هاوكات لەگەڵ زاراوەیەكی خۆماڵی لە زمانێكدا، كە بەرامبەر بەو چەمكە دادەنرێ ، بەكاردەهێنرێ. (بڕوانە: Felber ,1983,p٢٣ ) . ئەم دیاردەیەش لە ژمارەیەكی زۆری زاراوە كوردییەكاندا بەدیدەكرێ، بۆ نمونە:

---

٢- واتا نوێیەكەی لە واتا زمانییەكەی جیاواز بێ.

٣- بونی بۆنەیەك یاخود لێكچونێك لە نێوان واتا نوێیەكە و واتا زمانییەكەدا.( احمد مطلوب:٢٠٠٢ :٨)



كۆنفرانسی ( كاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130)    p-ISSN (2410-1036)

| | |
|---|---|
| مۆرفۆلۆجی | وشەسازی |
| سینتاکس | ڕستەسازی |
| ڤاوڵ | بزوێن |
| کۆنسنەنت | نەبزوێن |
| فرەیز | گرێ،فرەیز، فرێز |
| پاشبەند | پۆستپۆزیشن |
| پێشبەند | پریپۆزیشن |
| ڕەگەز | جێندەر |
| بانگکردن | ڤۆکەتف |
| گەڕانەوە | ئەنافۆرا |
| بەشی دواوەی برگە | کۆدا |
| دەوروبەر | کۆنتێکست |
| فرەواتا | پۆلی سیمی |
| خوازە | مێتافۆر |
| هاودەنگ، هاوبێژ | هۆمۆفۆن |
| نوسەك | کلیتیك |
| هێز | سترێس |

لە کوردیدا سەبارەت بە هەردوو بەشە سەرەکییەکەی ( ڕستە ) زاراوەی ( بار و بنە )، (باس و خواس) یان ( نیهاد و گوزارە) بەرامبەر بە زاراوە لاتینییەکە دانراون ، بەمشێوەیە :

باس ( theme ): ئەو شتەیە کە قسەی لەسەر دەکرێت و پێویستە قسەکەر زانیاری لە بارەیەوە بدات بە گوێگر .

خواس ( rheme ): بریتیە لەو بەشە تەواوکەرەی ڕستە کە زانیاری نوێی دەخاتە سەر زانیارییەکانی پێشووی گوێگر ، کە پەیوەندی بە ( باس ) ەوە هەیە .

**تەوەری دووەم:**

٢-١ باری زاراوەکانی زانستی زمان :

ئەوانەی کە ئاگاداری بار ی زاراوەکانی زانستی زمانن و شارەزاییان لەسەر کۆی ئەو زاراوانە هەیە، هەست بەو ڕاستییە دەکەن، کە ئەو زاراوانە بارێکی ناجێگیر و ناتەواویەکی یەکجار زۆریان پێوەدیارە ، بەوەی کە جیاوازییەکی تەواو بەدیدەکرێت لە سەرجەم ئەو زاراوانەی کە لە سەرەتاوە تاوەکو ئەمڕۆکە دانراون و بەکاردێن، واتە چ ئەو زاراوانەی کە پێشتر لەبارەی بابەتەکانی زمانەوە دانراون، چ ئەو زاراوە تازانەی کە لەگەڵ زانستی زماندا هاتونەتە ناو


کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانسی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

فەرهەنگی زمانەکەوە . هەرچی ئەو بارە ناتەواو و ناجێگیریەشە سەبارەت بە زاراوەکانی زمان دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵێ هۆکاری واقیعی هەستپێکراو ، دەکرێ لێرەدا ئاماژە بە هەندێ لەو هۆکارانە بدەین :

١– لەبەر ئەوەی زانستی زمان زانستێکی فراوان و بەربڵاوە بەگشت بەش و بوارە جیاجیاکانییەوە بارێکی قورس و ئەرکێکی زۆری خستوّتە سەر توێژەر و پسپۆڕانی زمانی کوردییەوە . بۆیە لەمبارەیەوە دەبینین هەر پسپۆڕێکی زمان یان توێژەرێك بەگوێرەی توانا و سەلیقە و شارەزایی خۆی هەوڵیداوە بە دانانی ئەو زاراوانەی کە لەسنوری پسپۆری خۆی و توێژینەوەکەیدا پێویستی پێ بووەو هاتۆنەتە رێی و بە یەکێك لە رێگاکانی دانانی زاراوە، یان بە وەرگێڕانی زاراوەکە لە زمانی ئینگلیزی یان عەرەبییەوە بۆ سەر زمانی کوردی . زۆرجار ئەمجۆرە کارانەش بەبێ ئاگابون لەیەکتری ئەنجامدراوە، ڕاستتر دەکرێ بڵێین : بەبێ ئاگاداری و رێکەوتنی لایەنە پەیوەندیدارەکان بە تایبەتی بەشەکانی زمانی کوردی ، یان ئەکادیمیای کوردی، ئەمانە تێکڕا بونەتە هۆکاری بەرش و بڵاوی ئەو زاراوانە بە ناونانی جیاجیاوە، بە واتایەکی تر پاشاگەردانی و نەبونی ئاڕاستەیەکی یەکگرتوی دروست لە نێوان پسپۆر و شارەزایانی تایبەت بە زمان ئەم بار و دۆخەی هێناوەتە ئاراوە.

٢– بەشێك لە ناجێگیری و پەرش و بڵاوی لە پرۆسەی کارکردن لە زاراوەسازیدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو رێباز و رێگایانەی کە لە دانان و سازکردنی زاراواکاندا پەیرەودەکرێن، ئەوەی لەمبارەیەوە تێبینی دەکرێت ، بەشێکی زۆری زاراوەکان وەرگێڕانی واتاییە، واتە لە ڕوی واتاوە دەکرێن بەکوردی ، یان ئەوەتا خودی وشەکە دەکرێت بەکوردی ، واتە وشە بییانیەکە لە ڕوی فۆنەتیکەوە – درکاندنەوە– وەکو خۆی دەکرێت بە کوردی . هەروەها بەشێکی دیکە پشت بەشێوازی دارشتن یان لێکدان یان داتاشین دەبەستێت ، یان هەندێك دەگەڕێنەوە بۆ ئەو وشە و زاراوانەی کە لە کۆندا بەکاربراون ، بە مەبەستی زیندوکردنەوە و بەکارهێنانیان جارێکی تر لە دوتوێ زمانەکەدا . لێرەدا دەکرێ بڵێین ئەو رێگایانەی کە ئاماژەیان بۆکرا لەگەڵ هەمو ئەوانەی کە لەم بوارەدا کاریان تێدا کردووە و ئەو رێگانەیان هەر یەك بە جۆرێك بەکارهێناوە، بە واتایەکی تر لە ئەنجامی بێئاگایی لەیەکتر ، هەر یەکە بە جیا بەرامبەر بە تاکە زاراوەیەکی بیانی لە زمانەکەدا بە چەند رێگەیەك و چەند زاراەیەکی بۆ سازکراوە، بێگومان ئەمەش جۆرە سەرلێشێوانێك بۆ خوێنەر و توێژەران و تەنانەت بۆ خودی پسپۆڕانی زمانیش دروستدەکات .

٣– ئەو بزوتنەوە فیکری و ڕۆشنبیرییەی کە لە دوای ڕاپەڕینی ساڵی ( ١٩٩١ ) دا بەرپاکرا ، بەتایبەتی ئەو هەوڵانەی کە هاتنە ئاراوە بۆ بەکوردی کردن و پاککردنەوەی زمانەکە لە وشە و زاراوەی بیانی ئەرك و قورسایی بابەتی زاراوەسازی لای پسپۆڕانی زمان زیاتر کردبوو، بەجۆرێك کە دانانی زاراوەی کوردی نوێیاو لە ئاستە جیاجیاکانی مەعریفیدا ببوو بە بەشێکی گرنگ و پەیوەست بە خزمەتکردنی زمانەکە لە گشت بوارەکانی فیکری و زانستی و کۆمەڵایەتی و سیاسی ..... تاد. لە ڕاستیدا خوڵقاندنی ئەو بارەش لەو دەمەدا بەشێوەیەکی هەڕەمەکی و بێپلان هاتبووە ئاراوە، واتە دیسانەوە نەبونی ئاڕاستەیەکی دروست و زانستی و یەکگرتوو لە کارەکاندا بەدیدەکرا ، یان کارکردن بەشێوەی تاکەکەسی، نەك بە کۆمەڵ، یان کارەکان بەدەر لە چاودێرکردن و سەرپەرشتی کەسانی شارەزا و زمانزان و پسپۆڕانی زمان ئەنجامدەدرا .



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130)      p-ISSN (2410-1036)

٤- خاڵێکی دیکەی گرنگ بریتیە لە نەبونی هەماهەنگی و ڕێکنەکەوتنی پسپۆڕ و شارەزایانی زمان لە بارەی ئەو زاراوە زمانیانەی کە ئەمڕۆکە هەن و بەکاردەبرێن لە سەرجەم ئەو بەرهەم و کتێب و توێژینەوانەی تایبەتن بە زانستی زمانەوە، بەمجۆرە کار و ڕەفتارانەش دەبینین بە دەستی خۆمان ئاستەنگ و گرفتی زیاتر دروست دەکەین ، لەجیاتی ئەوەی کە دەبێ هەوڵبدەین و هاوکاری یەکتر بین، بەجۆریك کە ئەو زاراوانەش یارمەتیدەر بن بۆ هەموان، بەوەی کە زیاتر نزیکمان بکاتەوە لەو زانستەی کە هاتۆتە ناو زمانەکە و بتوانین لایەنی مەعریفی و زانستی بوارەکانی دیکەی پێ دەوڵەمەند بکەین .

٥- ئینتیما و لایەنگیری جیاواز بۆ قوتابخانە زمانییە جیاجیاکانی زانستی زمان لەناو زمانە جیهانییەکاندا وای کردوە هەندێجار لەوەرگێڕانی زاراوەکانیشدا هاوڕایی و چونیەکی نەبینرێ، بۆ نمونە : (سیماتیك – سێمانتیك– سیمانتیکس ) ، (فۆنۆلۆجی– فۆنۆلۆژی)،( فیلۆلۆجی– فیلۆلۆگیا)،( ئیدیەم– ئیدیۆم)....کە بە ئاشکرا جیاوازی ئینتیمای توێژەران بۆ زمان و کەلتورە جیاجیاکان ڕەنگ پێدەداتەوە.

ئەو خاڵانەی کە لێرەدا ئاماژیان بۆکرا سەبارەت بە زاراوەسازی کوردی، ئەگەر چی هۆکاری هەمەجۆر و جیاوازن ، بەڵام ئەو ڕاستییە نیشاندەدن، کە یەك مەبەست و یەك ئامانجی پیرۆزی لە پشتەوەیە، ئەویش خۆی لە دامەزراندن و دەستەبەرکردنی زمانێکی زانستی یکگرتوی هاوبەش دەبینێتەوە.

## ٢-٢ کەموکوڕییەکانی سازدانی زاراوەی کوردی :

لەڕاستیدا یەکخستنی زاراوەی کوردی و تومارکردن و چەسپاندنی لە زمانەکەدا کێشەیەکی لە مێژینەیە و تاوەکو ئەمڕۆکەش بەردەوامە، ڕەنگە چارەسەرکردنی کارێکی وا ئاسان نەبێت، وەك دەبینین هەر لەسەرەتای ئەو هەوڵانەی کە لەمبارەیەوە دراوە سەبارەت بە بابەتی زاراوەسازی کوردییەوە، هەست بەوە کراوە کە پێویستە زاراوە زانستیەکان بەگشتی و زاراوەکانی زانستی زمان بەتایبەتی یەك بخرێن، دیارە ئەمجۆرە هەوڵانەش لە کارەکانی کۆڕی زانیاری کورددا بەرچاو دەکەون ، ( بڕوانە: لیستی زاراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد– لەگەڵ زاراوەکانی زماندا ).

لێرەدا ئاماژە بە چەند خاڵێك دەدەین ، کە بونەتە هۆکاری ناتەواوی و ناجێگیری لە سازدانی زاراوەکاندا بەمشێوەیە :

١- وەرگرتنی زانیاری لە سەرچاوەی جیاوازەوە ، واتە ئەو کەسانەی لە بواری زاراوەسازیدا کاریان کردووە، یان کاردەکەن پشت بە سەچاوەی بیانی جیاواز دەسبەستن ، بەجۆرێك دەکەونە ژێر هەژمون و کاریگەری کەلتور و ڕۆشنبیری و مەعریفی جیاوازەوە، کە لە هەر لایەنێکی مەعریفی بێت، وەك : ئینگلیزی و عەرەبی و ڕوسی.....تاد.

٢- هەبونی جیاوازی مەعریفی و زانستی لە نێو پسپۆڕ و شارەزا و زمانزانی کورد بەتایبەتی لە هەر دوو ئاستی تیۆری و کارکردنی کارەکیدا (عەمەلیدا) .

٣- بەردەوامی توێژینەوەکانی زمان و گەشە و پەرەسەندنی بوارەکانی زانستی زمان و سەرهەڵدان و دەرکەوتنی چەمك و زاراوەی نوێ لە گشت لق و ئاستە جیاجیاکانی زانستەکەدا ، ئەمانە تێکرا وەك هۆکارێکی بەردەوام



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانسی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

وادەکات کە نەتوانین لە ئانوساتی خۆیدا زاراوەی پێویست بەرامبەر بەو چەمکە تازانە دابنێین، واتە کەڵەکەبونی ژمارەیەکی زۆر لەو چەمکانە لە زمانەکەدا کە وەکو پێویست شوێنی خۆی گرتبێت و جێگیر بوبێت، ئەمەش بەجۆرێك ئەرك و کارکردنی زیاتر دەخاتە ئەستۆی ئەوانەی لەم بوارەدا کاردەکەن ، کە تاکو ئەمڕۆ نەتوانراوە وەکو پێویست ئەم ئەرکە جێبەجێبکرێت .

٤- زۆرجار کاری تاکەکەسی لە دانانی زاراوەدا دەبێتە هۆی سەپاندن و فەرزکردنی ڕای ئەو کەسە لە ناوچەیەکدا بێئەوەی گوێ بەڕاوبۆچونی ئەوانی تر بدرێت، ئەگەرچی بۆچونەکانیشیان ڕاست بێت.

٣-٢ زاراوەی یەکگرتوی کوردی ( یەکخستنی زاراوەکان ) :

لە یەکخستنی زاراوەکانی زانستی زماندا پێویستە لەسەر ئاستی هەرێم / نەتەوەیی لیژنەیەکی تایبەت و پسپۆر دابنرێت ،  ئەرك وکارەکانی یەکخستنی زاراوەکان لە ئەستۆ بگرێت، هەروەها لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانیدا پێویستە چەند بنەما و شێوازێکی دیاریکراو هەبێت، کە پێشتر لە لایەن لیژنەکەوە ڕێکەوتنی لەسەر کرابێت، بە مەبەستی یەکخستنی ڕێباز و شێوەی کارکردن و دیاریکردنی ئامانجەکانی بەجۆرێك کە ئەو بنەما و شێوازانەش پشت بە بنەماکانی زاراوەسازی تیۆری و کاری پراکتیکی مەیدانی ببەستن .

کاتێ کە لە ناونانی یان دانانی زاراوەکاندا هەر ناتەواوی و کەموکورییەك هەبێت، یان بەهەند وەرنەگرتنی سیستەمی کۆمەڵەی چەمکەکان، یان نەبونی ڕێکەوتنێکی گونجاوی پێش وەخت لە دانانی زاراوەکاندا، تێکرا ئەمانە دەبنە هۆکاری تێکەڵبونی زاراوەکان، وەك ئەوەی کە لە زاراوە کوردییەکاندا بەدیدەکرێن، بەتایبەتی لەناونانی ئەو چەمکانەی کە پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە، واتە ئەو وشانەی کە چەمکە جیاوازەکان بەیەك دەبەستنەوە و لە بری یەکتر دادەنرێن و بەکاردەبرێن . بەمجۆرە دەبینین چەمکەکان تێکەڵ بەیەکتر دەبن، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە هەمان وشە ( ناونان ) بەکاربهێنرێت بۆ دەربڕین لە چەمکە جیاجیاکان بەبێ جیاوازی . بێگومان ئەنجامی جیانەکردنەوەی زاراوەکان بەپێی چەمکەکان دەبێتە هۆی ئەوەی جۆرێك لە ناسازی و پێچەوانەیی و سەرلێشێوانی فەرهەنگی لێ پەیدابێت .دیارە ئەمەش کاریگەری تەواوی لەسەر زانستە نوێیەکان و هەروەها لەسەر بیرکردنەوەی زانستیمان دەبێت .لە ڕاستیدا ئەمەش پێچەوانەی هەمو مەرجەکانی زاراوەو زمانی زانستە، کە خۆی لە وردەکاری و ڕونی و تێکەڵ نەکردن دەبینێتەوە . بۆ نمونە : لەم دواییەدا کۆمەڵێ چەمك و زاراوەی نوێ لە زانستی زماندا هاتە ناو زمانەکەوە، بەڵام بەشێوەیەکی هەڕەمەکی و بێئەوەی پسپۆڕانی زمان ئاگاداری یەکتر بن ، هەر کەسە لەلای خۆیەوە زاراوەیەکی بەرامبەر چەمکێك دادەنا ، ئەمەش دەبووە هۆکاری ئەوەی کە بەرامبەر بەو چەمکە چەند زاراوەیەك دابنرێت ، لێرەدا چەند نمونەیەك دەخەینە بەرچاو :

- ڕۆنان :دروستە
- لێکەوتە : بەخشکە دربڕین
- ئاوازەدار : گڕ
- مەڵاشو: ئاسمانە
- ئەلۆفۆن: شێوەی فۆنیم


کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130)     p-ISSN (2410-1036)

- سەربار : کەرەسەی ناسەرەکی
- هۆشەکی : ئاوەزیی
- فۆنەتیکی بیستن: فۆنەتیکی بیستەنی
- لێوی : لچولێوی
- لەرزۆك: زرنگدەرەوەیی

لە دانانی زاراوەدا دەتوانین خۆمان لە سەرلێشێوان، یان هەر جۆرە تێکەڵبونێك بەدوربگرین، ئەویش بەدانان یان دیاریکردنی چەند پێوەرێك دەبێت، کە ئامانج لێی چاککردن و ڕاستکردنەوەی زاراوە بەکارهاتووەکان و یەکخستنەوەیان بێت، هەروەها پیاچونەوە بۆ ئەو زاراوانەش بکرێت کە پێشتر بەکارهاتون، وەك ئەوەی کە لە هەندێ باردا زاراوە کوردییەکان تێکەڵ بەیەکتر دەبن، سەبارەت بە ناونانی ئەو چەمکانەی کە لەیەکەوە نزیکن، یان پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە.کەواتە ئەو وشانەش کە لەبەر دەستدان، یان دەست دەدەن بۆ ئەو چەمکە جیاوازانە و دەشێ لەبری یەکتر دابنرێن. بەمجۆرە دەبینین چەمکەکان تێکەڵ بەیەکتر دەبن، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی، کە هەمان وشە دابنێین یان ناوبنێین بۆ دەربڕین لە چەند چەمکێکی جیاواز بێئەوەی جیاکاری لە نێوانیاندا بکەین. ئەنجامی ئەمجۆرە کارەش دەبێتە هۆی نەبونی جیاکاری و تێکەڵبونی زاراوەیی وجیاوازی نەکردنی زاراوەیی لە نێوان چەمکەکاندا هەروەها جۆرێك لە ناتەواوی و پێچەوانەیی لە نێوان چەمکەکاندا دروست دەبێت. سەرەڕای ئەوەی کە سەرلێشێوان و جۆرێك لە پەرتەوازیی فەرهەنگی لێ پەیدا دەبێ ، کە کاریگەری لەسەر بیرکردنەوەی زانستی دەبێ و ئەمەش پێژەوانەی گشت مەرجەکانی زاراوەناسی و زمانی زانستی دەبێ. هەروەها پێویستە بەو زاراوەنەدا بچینەوە کە لە قۆناغەکانی پێشودا بەکارهاتون، بەمەبەستی دڵنیابون لە ڕاستی و دروستییان، تاوەکو بەشێوەیەکی لەبار و دروست بمێننەوە، هاوکات لەگەڵ ئەو گەشە و پێشکەوتنەدا هەنگاو بنێن، کە لە بوارەکانی زانستی و تەکنەلۆجیدا ڕودەدەن .

پسپۆرانی زاراوەناسی هەر لە فوستێرەوە هەستیان بەگرنگی لایەنی پێوەری زاراوەیی کردووە، بۆ ئەم مەبەستەش چەند بنەما و ڕێکارێکیان داناوە، تاوەکو لەگەڵ زاراوەسازی و دانانی زاراوەدا بگونجێت، ئەنجامدانی ئەم کردەیەش لەسەر دوو لایەن دەوەستێت کە بریتین لە لایەنی لۆجیکی و لایەنی زمانی (علي توفيق: ٢٠٠٥:٦).

لایەنی لۆجیکی زیاتر گرنگی بە چەمکەکان دەدات، بەوەی کە باس لە وێناکردنی هۆشەکی چەمکەکان دەکات و بەڕێگەی پێوانەو بەڵگەی پێویست دەیانخاتەڕوو، واتە بایەخ بەلایەنی تێگەیشتن و چۆنیەتی گونجاندنیان دەدا، هەروەها پێگە و شوێنی چەمکە نوێیەکە لە نێو پەیڕەوی ئەو چەمکانەدا دیاریدەکا، کە پەیوەندییان لەگەڵدا هەیە، پاشان پێناسەیەکی ورد و ڕونی بۆ دادەنرێ، بۆ ئەوەی ئەو چەمکانە لەیەکتر جیابکاتەوە، ئەمەش بە دیراسەکردنی سەرجەم زاراوە نزیکەکان دەبێ، لەگەڵ کۆی سیستەمی بۆچون و ئەو چەمکانەی کە پەیوەندییان لەگەڵدا هەیە، هەروەها ئەو پێناسانە دیاری دەکرێن، بۆ ئەوەی ئامادەکاری تەواو بۆ لایەنی زمانی پرۆسەکە بکرێ .

لایەنی زمانیش تیشك دەخاتە سەر ڕێگاکانی دانانی زاراوە، واتە ئەو ڕێگایانەی کە دیاریکراون لەبارەی دانانی زاراوەدا، کە خۆی لە وەرگرتن و داڕشتن و داتاشین و وەرگێڕان..تاد، دەبینێتەوە.هەروەها لە ڕوی زمانەوە دیراسەی



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانسی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

پێکهاتەی زاراوە بیانییەکە دەکا، ئەگەر بیتو چەمکە نوێباوەکە ( وەرگیراوەکە ) بیانی بێت، ئەمەش ڕەنگە یارمەتیدەر بێ لە پێشنیازکردنی زاراوەیەکی گونجاو بەرامبەر بەو چەمکە نوێیە.

**سەرچاوەکان :**


بە زمانی کوردی:

١. جەمال عەبدول (٢٠٠١ ) بەرکولێکی زانستە زاراوەسازیی کوردی،چاپی یەکەم، سلێمانی.

٢. کامل حسن البصیر( ١٩٧٩)، زاراوەی کوردی، چاپخانەی زانکۆی سلێمانی ، سلێمانی .

٣. کۆڕی زانیاری کورد ( ١٩٧٥) لیستی چوارەمی زاراوەکانی کۆڕ ، چاپخانەی کۆڕی زانیاری ، بەغداد .

٤. مسعود محمد ( ١٩٨٨) زاراوەسازی پێوانە ، چاپخانەی سومەر ، بەغداد .

٥. تالَیب حسین عەلی،(٢٠٠٤)، فەرهەنگی زاراوەکانی دەنگسازی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

بەزمانی ئینگلیزی:

6. ١. Felber H (1983) : Standardization of Technical Terminology: Principles and Practices.

7. Felber H (1984) Manual of Terminology (Wein: INFOTERM.)

بەزمانی عەرەبی:

٨. احمد مطلوب،(٢٠٠٢)، في المصطلح النقدي، المجمع العلمي، بغداد.

٩. الان بولغير،(٢٠١٢)،المعجمية و علم الدلالة المعجمي،ت: د.هدى مقنص، المنظمة العربية للترجمة،بيروت.

١٠. تمام حسان ( ١٩٧٤) مناهج البحث في اللغة ، دار الثقافة، الدار البيضاء .

١١. علي القاسمي ( ١٩٨٥ ) مقدمة في علم المصطلح ، بغداد .

١٢. علي توفيق الحمد(٢٠٠٥)، المصطلح العربي شروطه و توحيده،مجلة جامعة الخليل للبحوث، المجلد الثاني العدد الاول ،اربد ، الاردن

١٣. علي القاسمي،(٢٠٠٤)، علم اللغة و صناعة المعجم،مكتبة لبنان، بيروت.




e-ISSN (2522-7130)     p-ISSN (2410-1036)

Abstract

This papers which is entitled (linguistic terms: towards a unify glossary).

Apart from introduction and suggestions the study consists of two main parts: part sheds light on some theoretical aspects regarding term, lexeme and word, describing differences between terminology and terminography upon lexicology and lexicography.

Part two: tries to show ways that forming terms and the characteristics of acceptable terms. Also this part describes to clarify some problematic aspects in Kurdish terminology related to the sources making up from.

The papers presents some notable suggestions regarding to Kurdish terminology in the field of linguistics and ends with the list of references.



e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)